# ئەو کەسەی خراپترین دزی دەکات ئەوەیە کە لە نوێژەکەی دەدزێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەو کەسەی خراپترین دزی دەکات ئەوەیە کە لە نوێژەکەی دەدزێت»، ووتیان: چۆن لە نوێژەکەی دەدزێت؟ فەرمووی: «بەباشی ڕکوع وسوجدە نابات».

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە خراپترین جۆری دز ؛ ئەو کەسەیە کە لە نوێژەکەی دەدزێت، ئەمیش بەهۆی ئەوەی بردنی سامانی خەڵکی ؛ دزینی ئەو شتانەیە کە سوودی هەیە لەدونیایەکی کاتی، بەڵام ئەم جۆرە دزە ؛ مافی نەفسی خۆی دەدزێت لەپاداشتی نەبڕاوە و لەدەستی دەدات، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا چۆن لەنوێژەکەی دەدزێت؟ فەرمووی: ڕکوع وسوجدە بردن بەڕێکی وباشی ئەنجام نادات ؛ ئەمیش بەهۆی ئەوەی پەلە دەکات لەکاتی ڕکوع وسوجدە بردن بۆیە بەشێوەیەکی تەواو جێبەجێیان ناکات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65100